بەشار ئەسەد ئارەزووی دەستپێکردنی گفتوگۆیە ل□گ□□ □□□ ب□□□وەبەرایەتی خۆسەری ڕۆژئاوای کوردستانە

سەرۆکی سوریا بەشار ئەسەد ئارەزووی دەستپێکردنی بە گفتوگۆ ل□گ□□ □□□ ب□□□وەبەرایەتی خۆسەری ڕۆژئاوای کوردستان و لە چەند مانگی داهاتوودا ئەنجامەکان بەدەست دەهێنێت.

لە راپۆرتێکی تۆڕی "ئێندب□ند□ت"ی بەریتانی کە لە ڕۆژی 25 ئەم مانگە بڵاوکرایەوە هاتووە، سەرۆکی ڕژێمی سوریا بەشار ئەسەد لە کۆبوونەوەیەکی پارتی بەعسی سوریا لە دیمەشق لە رۆژی (4ی ئایاری 2024)، باسی بار□تی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان کرد لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا کرد و گوتوی□تی: "حکومەت بەنیازە لە ماوەی چەند مانگێکدا لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا بگاتە چارەسەرێکی سیاسی".

بەگوێرەی ڕا پۆرتەکەی هەمان تۆڕ، بەشار ئەسەد وتوشیەتی: "ڕێگەچارەیەکی سیاسی دەدات و هیچ ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە ناوچەکەدا نابێت" لەسەر پرسی ڕۆژئاوای کوردستان.

لە میانەی هەمان کۆبوونەوە داخراوەکەدا، سەرۆکی ڕژێمی سوریا دووبارە وەک سکرتێری گشتی "پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی" هەڵبژێردرایەوە بە هاوڕایی و هاود□نگی تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزبەکە، کە لە بەرامبەریشدا گۆڕانکاریی لە ڕیزەکانیدا بینی، دیارترینیان ناونانەوەی برای بەشار ئەسەد، ماهر ئەسەد بۆ پۆستی سەرکردایەتی لقی چواری سوپای سوریا.